## یۆنان لـە بـواری زانستی مێژوودا

**(مێـژوو مەعریفەیەکـی ڕابـردووە لە ڕێگـەی عەقڵێـك یـان زیـاتر لەعەقڵێکی مرۆڤەوە گەیشتۆتە ئێمە لەلایەن ئەوانەوە پرۆسێسکراوە، جا لەبەرئەوەیە ناتوانرێت لەگەردیلەی کرۆکی ڕووت پێکبهێنرێت ناتوانرێت هیچ شتێك بگۆڕدرێت[1]).**

لەسـەرەتاکانی مێـژووی مرۆڤـایەتی، مرۆڤەکـان بەشـێوەیەکی زارەکـی چیرۆکی سەردەمە پێشینەکانیان پشتاوپشت بۆ یەکتر گێڕاوەتەوە، دەسپێکردنی مێژوو خۆی لەقۆنـاغی ئیپۆسـەوە(**Epose**) بـوو، تـاوەکو سـەرهەڵدانی نووسین مێـژووی ڕووداوە مێژووییـەکان بەدەقـی تیـوری بەرجەسـتە نەکرابـوون، دواتـر بەیارمەتی نووسین لەڕێگەی گێڕانەوەی ئیپۆس بەشێك لەدەقە مێژووییـەکان نووسرانەوە، زۆرجـار وێنـای ڕووداوەکـان ڕەنگـدانەوەی مێـژووی کۆمەڵگـاکەی ئەو سەردەم بووە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای یۆنان زیـاتر گرینگـی بەدەرخستی توانـا ئاسـابەدەرکان و ڕۆڵـی خواوەنـدەکـان لـە ژیـانی مرۆڤەکـان دراوە، ئەو کـردەوانەی تۆمـارکراون لەلایەن هەوڵـەکانی مـرۆڤەوە نەبـووە، بەڵکـو ویسـتی خواوەندەکان بووە[2]، خواوەندەکان ڕۆڵی پاڵەوانانەیان لە ژیانی مرۆڤەکان گێڕاوە، هەرخواوەنـدێکیش بـەهۆی دیاردەکـانی سروشـت پەیدابوونـە و ڕۆڵـی مێژوویـی خۆی گێڕاوە دواتر ونبووە، تەنیا پەیکەر و وێنا و شوێنکەوتووەکانیان لە زەوی ماوەتەوە.

## زاراوەی ئیستۆریا (Istoria)

بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان بنەڕەتی وشەی ئیستۆریا (ἱστορία-**Istoria**) وشەیەکی یۆنانییە، بەمانای" لێکۆڵینەوە، گەڕان، زانیاری، پشکنین، بینین، شایەتحاڵ دەگەنێت" بۆ یەکەمجار لەلایەن هیرۆدۆتس بەکارهاتووە. دواتر رۆمانەکان ئەو وشەیان گواستەوە بۆ ناو فەرهەنگی لاتینی بەزیادکردنی پیتی (**H**) لەپێش(**Istoria**) بووبە(**historia**) هیستۆریا، بەڵام هیستۆریا لای رۆمانەکان، بریتی بوو لە ئاشکراکردن و توێژینەوەی ئەو کارانەی کە مرۆڤەکان ئەنجامیانداوە[٣].

لەزمانی ئینگلیزی لەوشەی (**history** هیستۆری ) لەئیستۆریای یۆنانییەکان وەرگیراوە بەمانای فێربوون دەگەینێت، وە نزیکیشە لە وشەی ستۆری (**story** -چیرۆك)، چونکە مێژوو بەهرەیەکی سادەوساکار بووە خەڵکی بەزارەکی ڕووداوەکانیان لە وچەیەکەوە بۆ وچەیەکی تر دەگێرایەوە، مێژوو بەشێك بووە لە چیرۆکە گێڕدراوەکان، بەتایبەتی ئەو چیرۆك و داستانانەی لەناو ئەو میللەت و کۆمەڵگایانەدا باوبوو، بەشێك لە مێژووی ئەو میللەتەی هەڵگرتووە.

لەزمانی رووسی (история ئیستۆریا )ی پێدەوترێت، لەوشەی ئیستۆریای یۆنانی وەرگیراوە بەمانای نیشاندان یان شایەتدان دێت_ یان لەڕەگی وشەی (کۆن старьستار) لەگەڵ پێشگری ("ئیزиз " بۆتە из стари ئیس ستاری )لێکدراوە، بەمانای (لە کۆنەوە) دێت.

لەزمانی فەرەنسی هەندێك لە توێژەران(**histoire**) دوو واتا لەخۆدەگرێت **histoire**– بـ"**H**" گەورە بۆ رابردوو، **histoire** – بـ"**h**"بچووك بۆ ئەو زانستەی گرینگی بەڕابردوو دەدات[٤].

لەزمـانی عـەرەبـی وشـەی(تـاریخ) بەکارهـاتوو هەنـدێك ئەو وشـەیە دەگەرێـنەوە بـۆ سـامی(ئەکەدی یـا عیبـری) کە لەوشـەی(ارخـو) یـان(یرخ) بەمانای(مانگ) دێت، بەگۆڕانی ڕۆژەکانی دەبیـتە تـاریخ، بەڵام هەندێکی تــر دەڵــێن وشــەی(تــاریخ) لە شــێوەزاری عـەرەبــی باشــوور(یەمەن)هاتووە بنەڕەتەکەی توریخ ە لەشێوەزاری عـەرەبی باکوور بۆ تاریخ گۆڕاوە، لە زمـانی عـەرەبی"التـاریخ" و "التـوریخ" هەردووکیـان لە ڕووی واتـاوە یەك مانایـان هەیە، بەمانای زانینی کات دێت[٥]، بەڵام تاریخ هەمان ئەو مانایەی نەبوو کە ئێستا هەیەتی چونکە لای عەرەبەکان وشەی(الاخبار) بۆ گوزارشت لە ڕووداوی تاریخ هاتووە، کەئەویش بریتیە لە گێڕانەوە ڕووداوەکان، گێڕانەوەی بەشێوەی چیـرۆك یـان ژیاننـامە یـاخود پەلاماردانەکـان. چیـرۆك گەلێکـی زارەکـی دەربارەی خواوەندو کاروبارە سیاسییەکان هەواڵەکانی ڕۆژگار کە لەنێو خێڵەکان گرینگی تایبەتی پێدەدرا بەشێوەی پەخشان لەنێو یەکتردا ئاڵوگۆڕیـان دەکرد، ئەگەرچی سەرەتا ئەو چیرۆکانە بیرۆکەی مێژوویـیان تێدا نەبوو، بەڵام دوای کۆکردنەوە و پۆلینکردنیان دەرکەوت هەندێ ڕاستی مێژوویی لە خۆگرتووە[٦].

لەزمـانی کـوردی بـاکوور وشـەی(دیرۆك) بەرامـبەر وشـەی ئیسـتۆریای یۆنـانی بەکارهـاتووە، سـەبارەت بە وشـەی دیـرۆك هەنـدێك دەڵـێن دیـرۆك لە وشـەی(دوور)ەوە دێـت، لەهەنـدێ شـێوەزارەکانی شـێوەزاری کـوردی بـاکووردا وەکـو(دیر یــان دویــر) دەووترێــت، هەنــدێکی تــر دەڵــین وشــەی دیــرۆك لە وشـەی(چیـرۆك)ەوە هـاتووە ئەوەش نزیکتـرە لە وشـەی هیسـتۆریا لەبەرئـەوەی هیستۆریا لە هەندێك زمانەکان خۆرئاوایەکان بەمانای چیرۆك دێت، لەکوردی

ناوەنـد وشـەی مێـژوو بەکارهـاتووە لەوشـەی (مێژ)ەوە وەرگیـراوە، بەمانـای کاتێکی دووری پێش ئێستا دێت.


### هیكاتایوسHecataeus(٥٥٠-٤٩٠پ.ز):

بەیەكەمـــین جوگرافینـــاس و مێژوونوســـی یۆنـــانی دادەنرێـــت[7]، لە ساڵی (٥٥٠پ.ز) لە شاری مەلاتیا لەدایك بووە، لەناوچەی ئایۆنیا لەنێو ئەو شـــارەدا كـــە ڕەخنەگرانـــی فەلســـەفی یۆنـــانی سـەریانهەڵداوە، دەربـارەی ڕەچەڵەكـی یۆنانییـەكان و كۆچكردنیـان شـتی نووسـیووە، بەوەش ناسـراوە یەكەم جوگرافینـــاس بـــووە نەخشـــەی زەوی كێشاوە.




گرینگـــی هیكاتـــایوس لەوەدایە گۆڕانكـــاری خســـتە نێـو بەرنـامەی زانسـتی مێـژووەوە، حەقیقەتـی كـردە پێوانەی هەواڵ و دەنگ وباسەكان، ڕێبـازێكی ڕەخنەگرانەی ئاشكرای نواند لەئاست داستانە یۆنانییە باوەكان لەبارەی پەیدابوون و دروسـتبوونی مـرۆڤەوە[8]. دووبەرهەمـی هەیە، یەكێكیـان بەنـاوی (**گەشتێك دەربـارەی جیهـان Periodos ges** "Journey round the Earth" or "World Survey")، لەدوو كتێـب پێكهاتووە یەكێكیان دەربارەی ئەوروپایە ئەوەی تریان دەربـارەی ئاسـیایە كەتێدا باسی لە تۆبۆگرافیای ناوچەكانی ئاسیا وئەفریقیـا وئەوروپـا كـردووە، لەگـەڵ خستنەرووی سروشتی ناوچەكان ودانیشـتوان و شـتە سەرنجڕاكێشـەكانی. كتێبـی دووەمـی بەنـاوی (**جینیەلۆگیـا** —**Genealogiai**) بەمانـای ڕچەڵەكەكـان دێـت، دەربارەی خواوەندەكانە، كە لە چوار كتێب پێكهاتووە.

## هیرۆدۆت Herodotus (٤٨٤-٤٢٥پ.ز) :




یەکێکە لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی یۆنانی، لە ساڵی (٤٨٤پ.ز) لە شاری هالیکارناسوس(Halicannassus) (یەکێکە لە شارەکانی باشووری رۆژئاوای ئاسیای بچووک) لەدایك بووە[٩]. هیرۆدۆت ناوێکی لێکدراوە، (هیرا) ناوی خواوەندێکی یۆنانییە،(دۆتا) بە مانای بەخشین یان دیاری دێت، بەیەکەوە بە مانای (دیاری -هیرا) دێت، باوکی ناوی (لیکیس-Lyxes) دایکی ناوی (ریو-Rheo)[١٠]. بەزمانی یۆنانی بەرهەمەکانی نووسیوەتەوە، سەرەتای تەمەنی لە ئاسیای بچووك بوو بەهۆی ئەوەی لەبنەماڵەیەکی پلەوپایەبەرز بوو، لەجولانەوە سیاسییەکاندا شوێنیان دیاربوو، هیرۆدۆت لەتەمەنی(٣٢)ساڵی بەهۆی کارەکانی مامی لە هەلیکارناسۆس دەرکرا، ماوەیەك لەئەسینا و مەگناگریکیا ژیانی بەسەربردووە، کەسێکی گەڕۆك بووە گەشتەکانی سودی زۆری هەبوو بۆ نووسینەکانی[١١]، چونکە گەریدەیەکی ماندوو نەناسبوو ئارەزووی بۆ دیتن و فێربوون وای لێکردووە سەردانی زۆر شوێن بکات، لەوانە سەردانی میسر و رۆژهەڵات و شووش و شارەکانی باکووری یۆنان و کەنارەکانی دەریای رەش، هەروەها زۆر شوێنی وڵاتی یۆنان گەڕاوە، ئەو گەڕانەش بواری بۆ رەخساندووە شتەکان بەچاوی خۆی ببینێت پرسیاری لەخەڵك کردووە، پاشماوەکانی بینیوە، خونەریتی کۆمەڵگا جیاجیاکان و یاسای ئایینەکان و شێوازی حوکمرانیان شارەزا بووە، ئەو زانیاری و تاقیکردنەوانەی دەست کەوتوون لە کتێبەکیەدا رەنگی داوەتەوە،

بەشێکی زۆری باسی گێڕانەوەی شەڕی نێوان فارسەکان و یۆنانییەکانە وە باس لە شەڕی ماراسۆن و سالامیس دەکات. هەروەها هیرۆدۆت توانیویەتی گەلانی ڕۆژئاوای دەریای سپی ناوەڕاست و جیهانی ئاسیا لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایین وەسف بکات، وەسفێکی زیندووی سەرنجڕاکێش. لە وەسفی ناوچە جیاجیاکان دەچێتە سەر ژیانی تایبەتی ڕۆژانەیان، بەجۆری توانیوەیەتی لە کتێبەکەیدا ژیانی دووسەد گەلی جیاواز لە ناو چوارچێوەیەکی گەورەدا بخاتەڕوو. هیرۆدۆت لەبارەی هەمووشتێك دەدوێت لەبارەی وەسفی شوێنەکان، کەسەکان و ڕووداوەکان و بیروباوەڕو دابونەریت باوەڕە ئەفسانییەکان، تەنانەت زۆرجار وەسفی ئاژەڵی ناوچەکەش دەکات. مێژووی ژیانی خەڵکی میسر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یۆنان لەسەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکەوە تا سەردەمی شەڕی یۆنانی و فارسەکان بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕازاندۆتەوە. هیرۆدۆت نازناوی باوکی مێژوونووسانی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەنیە یەکەم کەس بووە مێژووی نووسیوەتەوە، بەڵکو هیرۆدۆت بۆ یەکەمجار لە شێوازی ئەدەبی تاڕادەیەك زانستی لە نووسینی مێژوودا بەکارهێناوە، شێوەزایێکی تایبەتی خۆی هەبوو زۆر بەئاسانی دەخوێندرێتەوە[١٢]. نووسینەکانی توانیویەتی سەرسامی هاونیشتیمانیانی خۆ بەدەست بهێنێ، مێژوونووسان بەخۆی سەرسام بکات، چونکە بەبینینێکی سەرتاسەری زیندوو بۆ مێژووی ڕوانیوە، یەکەم مێژوونووس بووە بەشێوەیەکی تاڕادەیەك زانستیانە بابەتەکانی کۆکردۆتەوە خستیتە ناو چوارچێوەی بابەتی مێژووی. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە مێژوونووسان ڕەخنەیان لە نووسینەکانی گرتووە، ئەویش گوایە شەیدای چیرۆك گێڕانەوە بووە، هەندێ شتی ئەفسانە وداستان لەناو مێژووەکەیدا هەیە[١٣]. زۆرجار پێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشووتری شتی خستۆتە ڕوو. لە باسی جەنگی فارس یۆنانییەکان لایەنگیری

یۆنانییەکانی پێوە دیارە وەك دوژمن وەسفی فارسەکان دەکات. هیرۆدۆت هاوسەردەمی هێرشی فارسەکان بۆ سەر یۆنان ژیاوە، لەبەرئەوەی کەسێکی یۆنانی بوو بۆیە زۆربەی ڕووداوەکانی لەبەرژەوەندی یۆنانییەکان نووسیوەتەوە، دەگێڕنەوە هەندێك جار بەشەکانی کتێبەکەی خۆی لە ئەسینا و جەژنی ئۆلمپیاد بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، ئەسینايیەکان لەباسی شەڕی نێوان فارس و یۆنانییەکان زۆر دڵشاد دەبوون خەڵاتیان پێدەدا. سەرەتای کتێبەکەشی بەو شێوە دەبڕیوە((**هیرۆدۆت خەڵکی هالیکارناسۆ، بۆیە ئەو لێکۆڵینەوەیەی خستۆتە ڕوو، بۆ ئەوەی بەتێپەربوونی ڕۆژگار بەرهەمی مرۆڤەکان، دوای شەڕە سەرنج ڕاکێشەکانی نێوان یۆنانییەکان و بەربەرەکان لەبیر نەچێنەوە، بەتایبەتی، نابێ هۆیەکانی پێکدادانی ئەو دوو لایەنە فەرامۆش بکرێن**)).

هیرۆدۆت سەرجەم بەرهەمەکەی لە(نۆ) کتێب پێکهاتووە، هەرکام لەکتێبەکانی پێشکەش بەخواوەندێکی سەردەمی خۆی کردووە_**کتێبی یەکەم: بەناوی کلیو، خواوەندی مێژوو، کتێبی دووەم: بەناوی ئێڤتێرپی، خواوەندی مۆسیقا، کتێبی سێ یەم: بەناوی تالیا، خواوەندی کۆمیدیاو پێکەنین، کتێبی چوارەم: بەناوی مێلپۆمێنی خواوەندی تراگیدیا و ناخۆشی، کتێبی پێنجەم:بەناوی ترسبیخوری، خواوەندی سەماو گۆرانی، کتێبی شەشەم: بەناوی ئاراسۆ، خواوەندی شعروگۆرانی، کتێبی حەوتەم: بەناوی بولێهێمنا خواوەندی هونەری نواندن، کتێبی هەشتەم: بەناوی ئورانیا خواوەندی گەردوون، کتێبی نۆیەم: بەناوی کالليوبی، خواوەندی شیعری داستان**[١٤].

## 🏛 سوکیدیدیسThucydides(٤٥٦-٣٦٦پ.ز):



یەکێکە لەسەرکردە سەربازییەکانی دەوڵەتەشاری ئەسینا، لەساڵی (٤٥٦ -٣٦٦پ.ز) ژیاوە، سوکیدیدس لە یەکێك لە شەڕەکان شکستی هێنا کەنارگیر کرا، دواساتەکانی خۆی تەرخانکرد بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆی یۆنان(نێوان سپارتە و ئەسینا) کە ناسرابوو بە شەڕەکانی پیلۆپۆنیز، لە ساڵی (٤٣١ تا ٤٠٤پ.ز) بۆ ماوەی نزیکەی بیست وحەوت ساڵ بەردەوام بوو. سوکیدیدس هاوسەردەمی ڕووداوەکان بووە، لە هەندێ شەڕ ڕاستەوخۆ وەکو فەرماندەی سەربازی بەشداری کردووە، کتێبەکەی لە هەشت بەش پێکدێت. سوکیدیدس لایەنی وردبوونەوەی گرتۆتەبەر لە خستنەڕووی ڕووداوەکان، ئەوەی ڕاگەیاندووە نرخی کاری مێژوویی پێویستی بە ڕاستگۆی هەیە، ناوەڕۆکی گێڕانەوەکان لەگەڵ ڕاستییەکاندا بگونجێ نەك بۆ کات ڕابواردن ڕووداوەکان بگێردرێنەوە، هەندێ لە مێژوونوسان سوکیدیدس بەدامەزرێنەری مەنهەجی زانستی ڕەخنەگری دادەنێن لە نووسینی مێژوودا[١٥]، چونکە گێڕانەوەکانی بە هەڵوستەکردن و ڕەخنەو شیکردنەوە جیادەکرێتەوە، ئەگەر سەیری میتۆدی نووسینەکانی بکەین تاڕادەیەکی باش ئامادەی هەیە، ڕووداو و نووسراوە مێژووییەکانی جێگای متمانەن، ئەمە جگە لەوەی خۆی وەکو شاهێدحاڵێك بەشداری لەبەشێك لە ڕووداوەکان کردوە.

## زەینەفۆنXenophon(٣٥٣-٤٣٠پ.ز):



زەینەفۆن(گەزنفۆن) کوڕی غریلۆسە، خەڵکی (ئیرخییێ ئو) لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند نزیکەی لەنێوان ساڵی(٤٤٠ و ٤٢٥پ.ز) لەدایك بووە[١٦]. یەکێکە لە مێژوونووس و فەیلەسوفەکانی یۆنان، قوتابی سۆکرات بوو، خاوەن ڕۆشنبیرییەکی باشبووە، ئەوەش هانیدا بۆ ئەوەی بایەخ بەنووسینی مێژوو و بابەتە سیاسی و فەلسەفییەکان بدات، هەرچەندە لەهەندێك لەنووسراوەکانی زۆر ورد نەبووە، کتێبی یەکەمی بەناوی (ئاناباس)، هەندێکجار(گەشتی دە هەزار سەرباز) یان(گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی) وەکو ناو بەکارهاتووە، بەڵام بە وتەی وەرگێری کتێبی ئاناباس لە دەقی یۆنانی وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، هیچ باسێك لەکتێبی گەشتی دەهەزار سەرباز بوونی نیە، بەڵکو ئەسڵی کتێبە بەناوی ئاناباس(ئاناڤاسی) لەزمانی یۆنانی بەمانای هەڵکشان بەرەو ژوورو یا سەرکەوتن دێت. بەهیچ شێوەك بەمانای گەڕانەوە نایەت، وەکو زۆرێك لە کتێبەکان بەو چەشنە لێکدراوەتەوە. زەینەفۆن ئەو ناوەی بۆیە لەسەر کتێبەکەی داناو لەبەرئەوەی گەڕانەوە بەرەو ژوو لەرووی جوگرافیاوە یۆنان بەرزترە[١٧].

ئاناباس حەوت کتێبە، هەر کتێبێك لە چەند بەشێك پێکدێت، تێیدا باسی ئەو ناوچەو ڕووداوانەی کردوە کە کە پێیدا تێپەڕیوە، لەوکاتەی یەکێك لە پاشاکانی ئەخمینی کۆرشی بچووك داوای یارمەتی لە یۆنان کرد بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی لە دژی ئەردشێری دووەم. زەینەفون لەگەشتەکەی

بۆ ئێران ڕەنج وئازارێکی زۆری چەشتووە هەندێکجار بۆتە هۆی نائومێدی، وەکو سەرکردەیەکی سەربازی توانای خۆی بەکارهێناوە بۆ قەناعەتکردن بەسەربازەکان لەکاتی هەڵوێستە قورسەکان کە دەهاتە پێشیان، بۆ ماوەی پێنج مانگ ڕێگەیان بەدەم شەڕ وسەختی بەفروباران و بێ خواردەمەنی بڕیوە. لەو ماوەیەشدا ژمارەی سەربازەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەمتر دەبوونە لەئاکامدا (٨٦٠٠)سەرباز بەوپەڕی دڵشادیەوە گەیشتوونەتە شاری(ئۆکسین) لە تراپزوس(یەکێك بوو لەشارەکانی یۆنان لە ئاسیای بچووك)، ئەوەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی دایەوە لە یۆنان هەمووی بەشێوەی یاداشت وسادە تۆمارکردوە، لەبارەی یۆنان و شەڕی نێوان فارسەکان و یۆنانییەکانی نووسیوە، بەڵام نووسراوەکانی زەینەفۆن زیاتر ستایشکردنی یۆنانییەکانی تێدایە، لەکتێبی پەروەردەی کۆرشدا، هونەر و لێهاتوویی و هەستی خۆشەویستی کۆرش لەبەرامبەر یۆنانییەکاندا زەق دەکاتەوە. کۆرش کاتێك ڕوو لە یۆنانییەکان دەکات دەڵێ (**من بۆیە یۆنانییەکان وەك هاوپەیمان هەڵبژاردوە چونکە لەباری چینایەتیەوە باڵاترن لەزۆربەی بەربەرەکانی دیکە. نەك لەبەر ئەوەی هێزی نیزامی بەربەر لە لەشکرەکەمدا کەم بێت، یۆنانییەکان هەمیشە خاوەن ئازادی و سەربەستی خۆیان بوونە، کۆرش پێیوایە ئەخلاق و ڕەوشتی جوانی یۆنانییەکان بەرهەمی ئەو ئازادییە**). نووسراوەکانیشی بە هەمەجۆری بابەتەکانی دەناسرێتەوە. هەرچەندە هاوسەردەمی ئەو مێژووە بووە کە تۆماری کردوە، بەڵام وردکاری تێدانیە. ئەناباس دەربارەی پەروەردەی کۆرش، هەواڵ و زانیارییەکانی یۆنان، بیرەوەرییەکانی سۆکرات، بەزم، باسێکی ئابووری، ڕاو، فەرماندەی سوارە نیزام، سوارکاری، داهات و دەرامەت، ئیستیدلالی سۆکرات، هیرۆن، ئاییسلائوس و.. هتد بوو.


کتێبی دووەمی بەناوی (هلینیکا) یان(سستەمی لاکیدامیۆنین-

**lakedaemonion**) کە زیاتر کتێبێکی شێوە فەلسەفیە[18]. لەحەوت کتێب پێکهاتووە، باس لەسیستەمی فەرمانڕەوایی و شەڕی ناوەخۆی یۆنان و چەند بابەتی تر دەکات.

زینەفۆن بەهۆی ئەوەی دۆستێکی نزیکی پاشای سپارتە بوو، بەشداری شەڕی کردووە دژ بەهاوپەیمانی ئەسینا، وە چۆتە شەڕی کۆرۆنیاس لەپاڵ سپارتییەکان دژی هاولاتیانی خۆی کەوتۆتە بەربەرەکانێ، بۆیە لە ئەسینا دوورخراوەتەوە چۆتە سپارتە. لەو ماوەیەدا خۆی بە نووسین خەریك کردووە، سەرسام بووە بە دەوڵەتەشاری سپارتە، باس لەسیستەمی سیاسی سپارتە و رێکخستنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەی سەربازیەکانی و پابەندن بوونیان بە یاساکانی (لیکرگۆسlycurgos) دەکات. بە بۆچوونی زەینەفۆن سیستەمی نموونەیی لەسەر بنچینەی ئەو هاوولاتیانە دادەرێژرێت کە لەسەر ئاستی تەواوی کۆمەڵگە دوای دەکەون. سیستەمێکی ئەخلاقی توند کە تێیدا پەرە بەسیفەتی پیاوەتی یان مێرایەتی دەدەن لەسپارتە، هەر لەسەرەتاوە گەیشتبووە پلەیەك دەکرا دەوڵەتێکی رێکخراوی بەهێز دروست بکات، بە بۆچوونی ئەو سیستەم دەبێت سیستەمێکی تاکڕەوی بێت، لەدەستی فەرمانڕوا بێت و مافی گۆێڕایەڵی لەسەر هاونیشتیمانیان بێت، بەڵام گەیشتن بەو مافە نابێت لەڕێگەی هێزو چەکەوە بێت، چونکە پیاو وەکو مێگەلە مەڕ نیە ڕۆژێك لەڕۆژران یاخی نەبێت، وە دەبێت فەرمانڕوا جگە لەوەی چەند تایبەتمەندی کەسێیەتی هەبێ، دەبێت دەسکەوتی سەربازی و بەخشندەی و نیشتیمانپەروەری هەبێ، بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی هاونیشتیمانیانی بەوەش دەتوانێ ملکەچی هاونیشتیمانیانی بەدەست بێنێت.

زەینەفۆن ماوەی بیست ساڵ لە سپارتە بەخۆشی ژیاوە، لەدەوروبەری ساڵی (٣٥٤پ.ز) مردووە[19].

### پۆلیبیوس(Polybuis)(١٩٨-١١٧پ.ز):



یەکێکە لە مێژوونووسانی یۆنان لەنێوان ساڵانی (٢٠٤ -١٢٢پ.ز) ژیـــــــاوە، لەبنەماڵەی (ئەرکادیـــــــــای) ئەرستۆکراتیەکان بوو، خێزانەکەی پلەوپایەی سیاسی و سەربازیان هەبوو، سەرکردایەتی هێزی سوارەی یۆنانییەکانی دەکرد. لەدواین هاوپەیمانیەتی یۆنانییەکان دژ بە فراوانخوازی رۆمانەکان بەدیل گیرا لەگەڵ هەزار سەرباز ڕەوانەی رۆما کرا[٢٠]، بەلێهاتووی خۆی توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەی رۆمانیەکان خۆش بکات، زۆربەی ژیانی گەنجێیەتی لەرۆما بەسەر بردووە.

مێژووی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە چل بەرگدا نووسیوە، باس لە پەنجاو سێ ساڵ دەسەڵاتداری رۆمانەکان دەکات بەسەر وڵاتان بەگشتی وەکو فەرمانڕوا بەسەر دەریای ناوەڕاست. پۆلیبیوس زۆر بایەخ بە سیاسییەکان و یاساکان و دەستووری دەوڵەتی رۆمانی دەدات، بۆیە مێژووەکەی بەگشتی مێژووی سیاسی رۆما و دەوڵەتە ژێردەستەکانیەتی، کە تێیدا ڕۆڵی سیستەمی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسی و یاسایەکانی لە پێشکەوتنی مێژوو ڕوون دەکاتەوە. پۆلیبیوس پێیوایە پێش ئەو هیچ مێژوونووسێك گرینگی بەمێژووی گشتی نەداوە، مێژووی گشتگیریان نەنووسیوە، زۆربەیان تەنها بایەخ بەجەنگ و هەندێ رووداوی تر دەدەن، بێ ئەوەی بایەخ بە لایەنەکانی تر بدەن ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی جیهان. پۆلیبیوس بایەخی بەمێژووی وڵاتانی دەریای ناوەڕاستداوە، باسی ئەو شوێنانە دەکات کە رۆمانەکان داگیریان کردوە وە باس لە سیستەمی سیاسی رۆمانیەکان و قرتاجیەکان دەکات. ئەوەی شیکردۆتە کە

چۆن ڕۆمانەکان گەیشتونەتە ئەو پلە قایم و بەهێزە، لەگەڵ دەوڵەتەشارە سەربەخۆکانی یۆنان بەراورد ناکرێت. ئەوەی یارمەتی پۆلیبیوسی داوە پابەند بێت بە وردکاری و بێلایەنی ئەوەیە کە هاونیشتمانیەکی یۆنانی بوو، بۆیە لە بارەی مێژووی یۆنانی و ڕۆمانی میانڕەو بووە بەبێلایەنی کاری ئەنجامداوە، لە مێژوونووسە کۆنەکانی دیکە ئەوە نابینرێت. بەشداری پۆلیبیوس لەوەدابووە پشتگیری شێوازی نموونەی کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو بەرنامەی دروست، سەرەڕای ئەوەش گرینگی بە لایەنی جوگرافیا و تۆبۆگرافیشداوە کە گرینگە بۆ مێژوونووس، یەکەمین کەسیش بووە وشەی میسۆپۆتامیای بۆ بەشی ناوەڕاست و باکووری عێراق بەکارهێناوە. پۆلیبیوس هەوڵیداوە ڕووداوەکان لە میانەی پرۆسەیەکی مێژوویی و یاسایی تۆمار بکات. پۆلیبیوس ڕووداوە مێژوویەکان ڕوون دەکاتەوە بایەخی تایبەتی بەدیاردە نوێیەکان دەدات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە چارەنووس چەندان شتی نوێ دروست دەکات کە کۆنترۆڵی چارەنووسی مرۆڤ دەکات[21].

## دیۆدۆرس سقلی(Diodorus siculus

**١ـ پاشماوە شوێنەواریەکان:**

پاشماوە شوێنەواریەکان وەکو کۆشك و قەڵاو شوراو و گۆڕو پەیکەرو وێنەو دراو و ئامرازەکانی کارکردن و ئامرازەکانی جوانکاری و چەك و کارە قوریەکان و قاپوقاچاغ و ئەو نەخش ونیگارانەی لەسەر بەردێك نەخشێنراون یان هەر پارچەیەکی دیکەی شوێنەواری لە دوای خۆیان بەجێیانهێشتووە، لە یۆنانی کۆندا بەهۆی شوێنی جوگرافی ناوچەی شاخاوی سەختەوە ئەوا گەلێك پاشماوەی کۆشك و تەلاری پاشاکان دۆزراوەتەوە وەکو کۆشکی کنۆسوس، شانۆ و دیۆنوسیوس، شانۆی هیرۆدۆس...هتد، کە مێژووی

یۆنـانی پـیێ بەناوبـانگە، هەروەهـا پەرسـتگەی پارسـینۆ لـە ئەسـینا، هەروەهـا پەیـکەری خوداوەنـدەکانی زیـوس، ئـارس، ئاتینا..هتـد. هەمـوو ئەو پاشـماوە شوێنەواریانە وێنەیەکی سروشتی ژیـانی کۆمەڵگـای یۆنانمـان بـۆ دەردەخات، بەتـایبەتی ڕێژەیەکـی باشـمان لـە هەمـوو بەش و چینەکـانی کۆمەڵگـا دەخاتـە ڕوو.

**٢ـ دەستنووسی مێژوونووسان**

ئەو سەرچاوانە دەتوانین نـاوی بنێین سـەرچاوەی ڕاسـتەخۆی نووسـراو، ئەو سـەرچاوانە خاوەنەکانیـان هەوڵدەدەن بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ وەسـفی کەسێك یـان ڕووداوێك یان شـەڕێك بـکەن، یـان خۆیـان بەشـدار بوونـە لە ڕووداوەکە یـان زۆر نزیك بوونە لە کـاتی ڕوودانـی ڕووداوەکە، یـان هاوسـەردەمی ڕووداوەکە بـوونە، لەم بـــارەیە نووســـراوی ژمـــارەیەك مێژوونووســـی یۆنانیمـــان هەیە، لەوانە هیـرۆدۆت، هەنـدێ ڕووداوی پێش سـەردەمی خـۆی باسـکردووە، هەنـدێکی تـری هاوســەردەمی خــۆی بــووە. ســوکیدیدیس نووســینەکانی تــایبەت کــردووە بە بـابەتێکی دیـاری کـراو، ئەویـش شـەڕەکانی پیلۆپـۆنیز کە لـە سـاڵی ٤٣٢پ.ز دەستی پێکردووە، هەندێ شەڕ ڕاستەوخۆ وەکو فەرمانـدەی سـەربازی بەشـداری کردووە. هەروەها زەینەفۆن یەکێکی ترە لـەو مێژوونووسـانەی لـە هەنـدێ ڕووداو ڕاستەخۆ بەشدارە تێدا کردووە، وەکو یاداشت تۆماری کردووە.

**٣ـ سەرچاوە دەستنووسە ئەدەبیەکان:**

ئەو جۆرە سەرچاوانە هەموو بەرهەمە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە، بە گـۆرانی و شـعر وشـانۆ و ئەفسـانە وهـۆنراوە. بەڵام دەبێـت ئەوە بـزانین چـۆن دەتـوانین پشـت بە دەقە ئەدەبیـەکان ببەسـتین، چـونکە ئەو دەقە ئەدەبیـانە زۆرجـار لـە

باسی ڕووداوێك یان بەسەر هاتێك، تێکەڵ بەسۆز دەبێت، لایەنگیری تێدا دەبێت، یان هەندێکجار ڕووداوێکی ئەفسانەیە لەواقیعدا هەربوونی نیە.

ئەگەر هەردوو داستانەکەی ئەلیادەو ئۆدیسە بەنموونە وەرگرین، ئەوە دەبێت بزانین مێژوونووس چۆن پشتیان پێ دەبەستێ، کە یۆنانییەکان بە هی هۆمیرۆسی دادەنێن، هەرچەند پێیانوابوو ئەم داستانە ئەفسانەیە، بەڵام لە سەدەی نۆزدە شوێنەوارناسی ئەلمانی هێنری شلیمان توانی شوێنەواری ئەو شارە لەکەنارەکانی ئاسیای بچووك بدۆزێتەوە. دواتریش هەر لەڕێی وەسفی هۆمیرۆسەوە توانی پاشماوەی شارستانییەتی میسێنی بدۆزێتەوە، لەدوای ئەوە شوێنەوارناسان و مێژوونوسان گەیشتنە ئەو باوەڕەی هەندێك لە داستانەکان ڕاستیان تێدایە، ئەلیادە و ئۆدیسە بووە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ ئاشکراکردنی بەشێك لە نهێنیەکانی شارستانییەتی یۆنانی کۆن.

**٤ـ فەلسەفەو فەیلەسوفەکان:**

فەیلەسوفەکانی وەکو تالیس و سۆکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ، هەروها، زانایانی پزیشکی وەکو بوقرات، وە فەلەکناسی ئەقلیدۆس و بتڵیموس، لەبواری ماتماتیك فیساگۆرس و ئەرەشمیدۆس ئەوانە هەموویان سەرچاوەن بۆ مێژووی کۆنی یۆنان، بەتایبەتی بۆ تێگەیشتن لە ئاستی رۆشنبیری و پێشکەوتنی زانستەکان لەو سەردەمەدا، وە دیمەنێکی ژیان و بیروباوەڕی یۆنانییەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

**٥ـ وتاربێژە سیاسییەکان:**

وتاربێژە سیاسییەکانی یۆنانی یەکێکە لە سەرچاوە مێژووییەکانی یۆنان ناسراوترینیان سۆلۆن وپریکلیس و دیمۆسینس کە ئارگۆنی ئەسینا بوون لە سەدەی پێنج و چواری پێش زایین، ئەو وتارانەی بەرامبەر بە ئەنجومەنی

گەل و خەڵك و دەستەی كارگێڕی و سیاسییەكان وتراوە، ئەگەرچی سۆزو حەماسیەتی زۆری تێدایە بەڵام دەتوانین بەشێك لە پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان و هەندێ لە بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەم بزانین.

**٦ـ تابلۆكێشراو وێنە هەڵكەنراوەكان:**

تابلۆیەكان بە یەكێك لە سەرچاوەكانی مێژووی یۆنانی كۆن دادەنرێت، یەكەمین وێنەكێشی یۆنانی پۆلیگنۆتۆس لە نیوەی یەكەمی سەدەی پێنجەمی پێش زایین ناوبانگی پەیداكردبوو، یەكێك بوو لە هاونیشتیمانیانی دوورگەی (ساسۆس) لە باكووری دەریای ئیجە، پاشان بووە هاونیشتیمانی ئەسینا وێنەكانی ئەو تابلۆیانە بوون كە بەدیوار هەڵدەواسران. هەروەها بەناوبانگترین وێنەكێشی یۆنانی (ئەپلێس)ە كە تابلۆیەكانی لە سەدەی چوارەمی پێش زایین ناوبانگی پەیداكردووە، وێنەیەكی بۆ ئەسكەندەر كێشاوە، كە باس لە شەڕی ئیسۆس دەكات لە نێوان ئەسكەندەرو داریوشی سێیەم. لە ڕێگەی ئەو تابلۆیانە دەتوانین شێوازی جلوبەرگ و كەلوپەلی جەنگی سەربازەكانی یۆنان بزانین.

## جوگرافیای وڵاتی یۆنان[1]:

ناوچەکانی دەریا ئیجە لەڕووی جوگرافییەوە لەیەك ناوچە پێکهاتبوون، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە ژمارەیەك ناوچە دەگرێتەوە، کەبەشێك لە قارەی ئاسیا و ئەوروپا لەخۆ دەگرێت، بەسەدان دوورگە لە نێوانیاندا هەیە. یۆنان لە سەردەمی کۆندا یەکەیەکی گشتگیری پێك نەدەهێنا، بەڵکو دابەشی سەر چوار ناوچە دەبوو- بەشی باشووری نیمچە دوورگەکانی بەلقان ئەویش ئەوەیە دەتوانین ناوی لێبنێین وڵاتی ڕەسەنی یۆنانییەکان، دووەمیان کۆمەڵە دوورگەکانی دەکەونە ناو دەریای ئیجە(دوورگەکانی دەریا ئیجە، کوکلادیس ئەوانی تر) کەئەویش دەکەوێتە نێوان نیمچە دوورگەی بەلقان لە ڕۆژئاوا و ئاسیای بچووك لە ڕۆژهەڵات، سێەم زنجیرە کەناراویەکانی ڕۆژئاوای ئاسیای

---

[1] یۆنانی ئێستا

ناوی فەرمی وڵات: کۆماری یۆنان

پایتەخت: ئەسینا

مێژووی سەربەخۆی: ١٨٣٠/٢/٣ لە دەوڵەتی عوسمانی

ژمارەی دانیشتوان: ١٠،٩٩٤،٠٠٠

جۆری دراو: یۆرۆ

جۆری حکومەت: کۆماری فرە حزبی بەیەك ئەنجومەنی یاسایی

نەتەوە: یۆنانی ٩٠،٤% مەکدۆنی ١,٨%ئەلبانی ١،٥%

ئاین: مەسیحی٩٥،٢% ئیسلام ١،٣%

زمانی فەرمی: یۆنانی نوێ

یۆنان : - لەبەشی باشوری ڕۆژئاوای ئەوروپادایە، بەشی باشوری نیمچە دورگەی بەلقان دەگرێتەوە(مەکدۆنیاو بولگاریا لە باکورورەوە، تورکیا لە ڕۆژهەڵاتەوە، دەریای ئیجە و دەریای ناوەراست لەباشوورەوە، دەریای ئەیۆنی و ئەلبانیا لە ڕۆژئاواوە، بەشە وشکانیە سەرەکیەیەکەی ٨٠% رووبەرەکەیەتی و نزیکەی(٢٠٠٠) دورگەی ئەیۆنی لە دەریای ئەیۆنیدان، کۆمەڵە دوورگەکانی دەریای ئیجە لەنێوان یۆنان و تورکیادان، لەهەموو ئەو دورگانە تەنها ١٦٩ دورگە دانیشتوانی تێدایە گەورەترین دورگەی کریتە.

**بچووك تا دەریای ئیجە، کە یۆنانییەکان کۆچیان بۆ کردبوو بەچڕی تێیدا نیشتەجێ بوون[٢٢]، لەگەڵ دوورگەی کریت کە بەکۆنترین ناوچەی شارستانییەتی ناوچەکانی دەریای ئیجە دادەنرێت[٢٣].**

هەرێم و ناوچەکانی یۆنانی کۆن پێکهاتبوون لە:

ـ ناوچەکانی باکووری یۆنان: ناوچەکانی دەشتی تیسالیا، مەکدۆنیا لە ڕۆژهەڵات لیرنا وئایبیرۆس لە ڕۆژئاوا دەگرێتەوە.

ـ ناوچەکانی ناوەڕاست: ژمارەیەك هەرێم دەگرێتەوە لەوانە هەرێمی ئاخارنانیا دەکەوێتە ڕۆژئاوا لە نێوان دوورگەی ئاکتیۆم و دوورگەی کۆرنس، هەرێمی ئایتولیا، لۆکریس، فوکیس کە بەشاری دێلفی پیرۆز بەناوبانگە، هەرێمی بویوتا بەشاری تیب بەناوبانگە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوچەیە، لە ڕۆژهەڵاتی بویوتیا دوورگەی ئایوبیا هەیە، لە نزیکترین لایەکانی باشووری ڕۆژهەڵات لە ناوچەکانی ناوەڕاست هەرێمی ئەتیکایە شاری ئەسیناش دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو هەرێمەوە[٢٤]. هەرێمی ئەتیکا ناوچەکانی باکوور یۆنان بە باشوور و تەنگەبەری تێرمۆپیل دەبەستێتەوە.

ـ ناوچەکانی باشوور: دوورگەکانی پیلۆپۆنیز کە بەشی باشووری وڵاتی یۆنان پێکدێنن[٢٥]، ئەو ناوچانەی یۆنانییە کۆنەکان تێیدا نیشتەجێ ببوون کە نیمچە دوورگەکانی یۆنان دوورگەکانی دەریای ئیجەو کەناراویەکانی لەگەڵ داگیرگەو نشینگە یۆنانییەکان لە دەریای ڕەش لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سقلیە و باشووری ئیتالیا لە ڕۆژئاواوە درێژدەبێتەوە، هەندێك لە ناوچەکانی ئەولاو ئەولای بەدرێژای کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست دەگرێتەوە. دواتر بەرەو کەنارەکانی باکووری ئەفریقیا درێژدەبێتەوە.

## تۆبۆگرافیای وڵاتی یۆنان

**چیا:** سروشتی ناوچەکانی یۆنان سروشتێکی شاخاوی وسەختە[٢٦]، کاریگەری قوڵی لەسەر شێوەی وێناکردنی ژیان لەسەر خاکی وڵاتی یۆنان هەبووە[٢٧]، چونکە نزیکەی ٨٠% ڕووبەری یۆنان شاخاویە، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك زنجیرە چیای بەرزونزم[٢٨]، لەسەر شێوەی زنجیرە چیا کە لە هەموو شوێنێك دەیبڕێت وای لێدەکات بەشێوەیەکی سروشتی دابەشی ناوچەی سەخت وبچووك بێت، وادەردەکەوێ تاڕادەیەکی زۆر لێك دابڕاون[٢٩].

گرینگترین ئەو زنجیرە چیا سەختانەی بۆتە هۆی دابەشکاری وڵاتی یۆنان:

- زنجیرە چیاکانی بللوریە: کە درێژ دەبێتەوە بەشێوەی کەوانی لە تراکیا و مەکدۆنیا کە نیمچە دوورگەی خالکیدیك و بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی تیسالیا لەخۆدەگرێت. چیای ئۆلۆمپ بەبەرزترین چیا دادەنرێت لە یۆنان، بەرزیەکەی دەگاتە (٢،٩٨٥ مەتر).

- زنجیرە چیاکانی پێندوس: کە درێژ دەبێتەوە لە باکوور بۆ باشوور لە نێوان ناوچەی تیسالیاو ئەبیروس، واتا بەشێوەی کەوانەیی گەورە لە بەلقانی ڕۆژئاواوە بۆ وڵاتی یۆنان و دوورگەکانی دەریای ئیجە و ڕۆژئاوای ئاسیای بچووك درێژ دەبێتەوە.

- ئەو تاوێرە بەردە سپیانەی درێژ دەبێتەوە لە باشووری تیسالیاوە بۆ ناوەڕاستی یۆنان، دوورگەی (ئەوبوئە) لەخۆ دەگرێت، ئەو تاوێرانە بەرزیان لە چیای ئەوتریس دەگاتە (١،٧٣٨مەترە)، لەچیای (ئەوتە) دەگاتە (٢،١٥٢مەترە)، بەناوبانگترین چیاش بارناسە بەرزیەکەی دەگاتە (٢،٤٥٩مەترە).

- زنجیرە چیاکانی باشوور کە لە باکووری دوورگەکانی پیلۆپۆنیز

دەستپێدەکات لە ئاسیای بچووك کۆتایی دێت، لە سەرشێوەی تەپۆڵکە بەرزدەبنەوە لە باشوور بۆ سێ بەشەوە، بەرزترینیان چیای (تایگیتوس)ە بەرزیەکەی دەگاتە (٢،٤٠٩مەترە)[٣٠].

ئەو زنجیرە چیایانە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بەرتەسکردنەوەی ڕووبەری یۆنان بەجۆرێك کۆمەڵێك کێشەوگیروگرفتی بۆدروست کردوە. ئەو چیایانە زۆربەیان بەرزیەکانیان لە(٨٠٠٠پێ) تێنەدەپەڕی، بەربەستێکی دروست کردوە لەبەردەم پەیوەندی دەشتەکان، ئەمەش بۆتە دابەشکردنی وڵاتی یۆنان بۆ چەند هەرێم، لێکدابڕکردنی ناوچەکان لەیەکتر، هەروەها بوونی تەنگەبەری تەسك لەنێوان بەرزی ئەو چیایانەدا هەیە، کە بەئاسانی ڕێگەنادات تێپەڕبوون هەبێت، بەخستنەڕووی ئەو لایەنە سەرەکیانەی کە کاریگەیان لەسەر مێژووی کۆمەڵگای یۆنانی و شارستانییەتەکەی هەبوو، هەر بۆ نموونە چیاکانی گرانیا(**Geranea**) و چیاکانی کراتیە(**karata**) ناوچەی ئەتیکا و کۆرنس لێك جیادەکاتەوە لای ڕۆژهەڵاتی ڕارەوێکی فراوانی هەیە بەرزیەکەی لەنێوان(٦٠٠ -٧٠٠پێیە) تەنگەژەیەکی زۆر دروست دەکات بۆ ئەوانەی پێیدا تێپەڕدەبن، بەهۆی بەهێزی باوە تێپەڕبوون لەو ڕارەوە ماندووبونێکی زۆری دەوێت. هەروەها چیای کیتاریون(**kithareon**) درێژ دەبێتەوە، کەناری ڕارەوی ناوچەی کۆرنس و بووتیا بەیەك دەگەینێ، تێپەڕبوون بەو ڕارەوە ماندوبونێکی زۆری دەوێت، تەنانەت مەترسی لەسەر ئەو سەربازە سپارتیانە دروست کردبوو بەو ڕارەوەدا دەڕۆیشتن[٣١]. هەروەها چیای هیلۆن لە نێوان بووتیا و فۆکیس[٣٢]. ئەمە وادەکات بەشێوەیەکی سروشتی دابەشی ناوچەی لێك دابڕاوی بچووك بێت[٣٣]، وە ئەو ڕووبارانەی تێیدان ئاسان تێپەڕین و سەلامەتیەکەی کەم دەکاتەوە وای لێدەکات ببێتە هۆکارێك بۆ جیابوونەوە نەك بەیەکگەیشتن.

**دەشت:** بەشی کەمی وڵاتی یۆنان لە دەشتاییە، هەمووشی باش نەبوو، زەویەکەی لە نێوان ڕەق ونەرم پێکدەهات، ئەوەی بەکەڵك دەهات ڕووپێوەکەی دەگەیشتە چەند کیلۆمەترێکی چوارگۆشەی کەم، لەلایەکی دیکەوە خۆڵی ئەو پێدەشتانە لە جۆری خراپ و هەژار بوو، هیچ قووڵی و ئەستووریەکی نەبوو، ئەو پێدەشتانە بەکەڵکی هەموو جۆرە بەرووبومێکی کشتوکاڵی نەدەهات، زیاتریش زەیتون و دارمێوی لێدەڕوێنرا (ئەو دوو بەرهەمە پێویستیان بەخۆڵی قوڵ نیە تا لێی بڕوێت)، بۆیە وڵاتی یۆنان کورتهێنانی دیاری هەبوو لە بەرهەمی کشتوکاڵی بەتایبەتی بەرووبومی دانەوێڵەی گەنم، ئەو هەژارەیە لە خاکی یۆنان بۆتە هۆی کەمی بەرهەمی دانەوێلە ئەوەش کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر سیاسەتی ئەو دەوڵەتەشارانەی یۆنان، جا لە نێوان خۆیاندا یان بەرامبەر بەوانەی دەوروبەر. بەناوبانگترین ئەو دەشتایانەی یۆنان هەیبووە بریتین لە:

ــ ناوچەی تیسالیە و دەوروبەری لاریسا و ڕۆژهەڵاتی فارسالۆس دەشتەکانی ڕووباری ئەسبرخیوس و ڕۆژهەڵاتی مالیس لە فوکیس لە باشووری ئالاتیا.

ـ دەشتەکانی بوۆتیا

ــ دەشتەکانی ئەتیکا وەکو دەشتی ئەلیوس ودەشتی میسوگیا دەکەوێتە نێوان هیمتوس چیاکانی کەناری ڕۆژهەڵات وە دەشتەکانی دەوروبەری ماراسۆن.

ـ دەشتەکانی ئارگۆلیس کە لە دەوربەری ئارگۆلیس دەشتی ئەلمتخام و لمانتینا و تجیا، دەشتی لاکونیا وە دەشتی کەنارەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی ئایلیس دەگرێتەوە.

ـ دەشتەکانی دوورگەی یوبویا[٣٤].

**رووبار:** ڕووبارەکانیش لە چیاکان باشتر نەبوون لە کەمکردنەوەی ئەرکی گەیاندن لەنێو بەشە جوداکانی دەوڵەتەشارەکان. ئەو ڕووبارانەی بەدۆڵ و چیاکانی وڵاتی یۆنان تێدەپەڕن تاڕادەیەك سەلامەتیان کەمە، بەشێکی کەمیان بەکەڵکی کەشتیەوانی دێت، دەتوانرێت لە کەنارەکانی کەشتییەکان لەنگەر بگرن، لەوانە ڕووباری ئەخیلۆس(Achelous)، ڕووباری پینۆس(**penios**) بەباکووری یۆنان بەناوچەکانی تیسالیادا تێپەڕدەبێت و دەرژێتە ئیجە هەتاوەکو وەرزی هاوین بەکەڵکی کشتیەوانی نایەت[٣٥].

**دەریا:** ئەگەر هۆکارە جوگرافییەکان کاریگەری سەختیان لەسەر وڵاتی یۆنان دروست کردووە، بەڵام هۆکارێکی دیکە قەرەبووی کۆمەڵگە یۆنانییەکانی کردۆتەوە ئەویش دەریایە. یۆنانییەکان هەموو کات ژیانیان پەیوەست بووە بەدەریاوە[٣٦]، دەریا ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە ژیانی یۆنانییەکاندا گێڕاوە[٣٧]، وڵاتی یۆنان لە ڕێگای دەریای ئیجەوە توانیەتی پەیوەندی بەزۆربەی ناوچەو دەوڵەتەکانی دەوروبەریەوە بکات، چونکە لە ڕێگەی دەریای ئیجەوە گەیشتۆتە دەریای سپی ناوەڕاست، کە دڵنیایی و ئاسانکاری بۆ ئالوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کەناراوەکان کردووە[٣٨]. دەبینین ئەو خەسڵەتە گونجاوانەی لە دەریای ناوەڕاستدا هەیە، تایبەتمەندیەکی داوە بە یۆنان، ئەو تایبەتمەندیەش لە سەردەمە کۆنەکان زیاتر هانی کەشتیەوانە یۆنانییەکانی داوە بۆ دەریاوانی پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان پێ پڕبکەنەوە. بۆیە هەر لەزووەوە لە مێژووی یۆنان ئەوەیان بۆ ڕەخسا پەنا بۆ دەریا ببەن تا پشتیان بگرێ و زاڵبن بەسەر ئاستەنگەکانی ژیان، تەنیا لە ناوچە هەژارەکان خۆیان چڕ نەکەنەوە، ئەوان زیاتر لەشێوازێك دەریایان بەکارهێناوە، لەوانە بۆ کۆچکردن، ئەویش بەشێوەی کۆچی گەورەی مرۆڤەکان، کۆچیان کردووە بۆ زۆرترین کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست، هەر لە ڕێگەی دەریایەوە کۆچیان

بـۆ نـیمچە دوورگـەی ئیتالیـاو ئیبیریە(ئیسـپانیاو پرتوگـالی ئێسـتا) و کەنارەکـانی بـاکووری ئەفریقیـا کـردووە، بەڵام زۆریـنەی کۆچەکانیـان بـۆ کەنارەکانی ئاسیای بچووك بووە. هەروەها یۆنانییەکان هەر لە زووەوە دەریایان بۆ بازرگانی بەکارهێناوە لەماوەی سەدەی یازدەهەم و سەدەی نۆیەمی پێش زایینی بازرگانی یۆنان پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە بەجۆرێك زۆربەی دانیشتوانەکەی خەریکی کاری بازرگانی بوونە، بازرگانیان لەگەڵ ناوچەی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست کردووە، بەڵام زۆرترین بازرگانیان لەگەڵ بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و کەناراویەکانی تراکیاو ئاسیای بچووك و قوبرس و سوریا و میسر بووە[٣٩]، هەروەها دەریا یارمەتیدەر بووە بۆ بڵاوبونەوەی شارستانییەتی هێلینی وە دروستکردنی پەیوەندی رۆشنبیری لەگەڵ شارستانییەتە جیاوازیەکانی دەوروبەری لەوانە شارستانییەتەکانی دەریای ناوەڕاست[٤٠]، میسر، ڕۆژهەڵات و ئاسیای بچووك. ئەوە جگە لەوەی هەندێکیان خەریکی چەتەگەری دەریای بوونە کارێکی باوبووە وەکو بازرگانی لەو سەردەم.

**ئـاو و هەوا:** کـاریگەری زۆری لەسـەر ژیـان و کەسـایەتی یۆنـانی بـووە، یۆنـان کاریگـەری ئـاو و هـەوای دەریـای سـپی ناوەڕاسـتی لەسـەرە، ئـاو و هەوایـەکی مامناوەنـدە، لـە هاوینـان گەرم وشـکە لە وەرزی پـایزو زسـتانیش پلـەکانی گـەرما بەهێواشی دێنـەخوارەوە زسـتانی باراناویـە. بەهەڵکردنـی بـای پێچەوانەی ڕۆژئاوا لە وەرزی زستان کەشەکەی سارد دەکات، لە وەرزی هاوین بای باکووری ڕۆژهەڵات بەهێواشی پلەکانی گەرمـی دێنێتەخوارێ[٤١]، ئاو و هەواکەی جیاوازو جۆراوجۆرە بەگوێری جیاوازی ناوچەکانی یۆنـان، بەڵام ئاو وهـەوای تـاڕادەیەك جێگـرو رێکخـراوە، ئەوەش لەبـارە بـۆ گەشەسـەندنی شارستانییەت چونکە ئاو و هەوا کاریگەری ڕوونی هەیە، لەسەر دەرکەوتنی

یەکەمین شارستانییەت لە وڵاتی یۆنان.

ئاو و هەوای مامناوەند و درێژی ڕۆژی لە وەرزی هاوین و زستان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی یۆنانییەکان چونکە ئەمە وایکردوە زیاتر لە دەرەوەبن پەیوەندی بەیەکەو بکەن، بیروڕاو بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و هاوبەشی یەکتر بکەن، تێکەڵاوی یەکتربن لە بازاڕی ئاگۆرا (**agora**) گۆرەپانێك بوو، کەوا کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆری کەلوپەلی تێدا دەکرا، وە بیروڕاکانی تێدا ئاڵوگۆڕ دەکرا، ببووە مەیدانی پێگەیاندنی بیری سیاسی. دەرکەوتنی ڕووناکی بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر چیاو ڕووبار و دەریا و دارستان و مێرگ و کێلگەکان، هەموویان کاریگەریان هەبووە لەسەر تێڕوانین وبینن و سەرنجی تاکی یۆنانی لەسەر ڕەنگەکان، کاریگەری لەسەر هەستەکانی کردوە وای لێکردوە کەسێکی زیندوو جێگیر بێت، هەر ئەو سروشتەش وای لێکردوە کەوا ڕامانی هەبێت لەشتەکانی دەوروبەری و ڕاڤەیان بکات، ئەمە وایکرد لە بیری یۆنانی فەلسەفەو سیاسەت و هونەری شانۆی کۆمیدیاو تراژیدیا و پەیکەرتاشی و وەرزش..هتد دەربکەوێت [٤٢].

**بـا:** لە وەرزی نێوان بەهار و هاوین با مامناوەند بوو، یارمەتی کشتییەوانەکانی دەدا، دەیانتوانی کاری کەشتیەوانی بکەن، بەڵام لە وەرزی نێوان زستان و پایزدا بای بەهێزە، کەشتییەوانیکردن جۆرێکە لەسەر کەشی، هەروەکو شاعیری کۆنی یۆنانی هیزیود لە(کارەکانی ڕۆژانە)ئامۆژگاری یۆنانییەکان دەکات، سەرکەشی دەریایی نەکەن لە وەرزی نێوان پایزو زستان، بەڵکو لەم وەرزانەدا خەریکی چاکردنەوەی کەشتییەکانیان بن باشترە تا هاتنی وەرزی بەهار.

ئەو ڕێرەو تەنگەبەرانەی دەکەونە نێوان چیاکان زۆر تەسك بوون، بەهۆی بەهێزی باوە تێپەربوون لەو ڕارەوانە ماندووبونێکی زۆری دەویست